# پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە نێوان
# کەلتوری ئەکتیڤ و کەلتوری پاسیڤ دا

فاتمە عومەر ڕێشاوی
fatima1964_1@hotmail.com

پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان تێرمێکی بەربلا و ئالۆزە بە ئاسانی ناتوانی پێناسەی بکەی, بەلام بە شێوەیەکی گشتی ئەو پەیوەندیە دەگەیەنێ کە ڕۆژانە لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەلگەیەکدا خۆی دەنوێنێ, مرۆڤ زیندەوەرێکی ئالۆز و ناجێگیرە. یەك جۆر یاسا و یەك جۆر هەلسەنگاندن و بۆچوون نایگرێتەوە. بۆیە هەر ئاواش پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ناتوانی بەیەك چاو سەیری بکەی, بەلکو بە پێی جۆری کۆمەلگە, ئەویش دەگۆڕێ. پەیوەندیەکانی کۆمەلگایەکی شاری جیاوازە لە کۆمەلگەیەکی لادێ. لە شاری گەورەدا جیاوازە لەشاری بچوك , کۆمەلگەیەکی ڕۆژهەلاتی جیاوازە لە ڕۆژئاوایی . کۆمەلگەیەکی مەدەنی بە شێوەیەك گوزارشت لە پەیوەندیەکانی دەکات زۆر جیاوازە لە کۆمەلگەیەکی خێلەکی وە هەروەها. هیچکام لەمانە ناتوانی بلێی پەیوەندی کۆمەلایەتی تێدا نیە, بەلام پەیوەندی کۆمەلایەتی بە پێی پێشکەوتنی کۆمەلگە لە ئاستێکی سادە و ساکارەوە بەرەو ئاستێکی بەرزتر و ئالۆز تر دەشێ بگۆڕێ, ئەو گۆڕانەش حەتمی و پێویستە.

بەلام ئەوەی من بە کێشە و گرفتی دەزانم بە دوونمونە ڕونی دەکەمەوە. وەك کە کەسێك لە کۆمەلگەیەکی لادێ دەژی و بە شێوە پەیوەندیەکانی ئەوێ ڕاهاتوە, کاتێ سەردانی شار دەکات و جۆری هەلسوکەوتی ئەو کۆمەلگە شاریە دەبینێ . خێرا دەگاتە ئەو ئەنجامەی بلێ شار ڕەحم و بەزەیی و ڕێزی تێدا نەماوە, کەس بەدەم کەسەوە ناچێ. یان کۆمەلگەیەکی –خێلەکی– لەو کاتەی کە بەرەو –مەدەنیەت – هەنگاو دەنێ, تاکەکانی ئەو کۆمەلگەیە لێرە و لەوێ هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە, کە هەر کەس بۆ خۆی دەژی و کەس لە کەس ناپرسێتەوە, سەردان و لێپرسینەوە نیە و دراوسیەتی نەماوە هتد.. هەریەکە لەو کەسە یان ئەو کۆمەلگە خێلەکیە – کە بەرەو مەدەنیەت هەنگاو دەنێ– چونکە بە کۆمەلێ مەراسیمی سادە و ساکار لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ئاشنا بون و هەر بەوە ڕاهاتون, و توانای ئەوەشیان نیە پەییەرن بە جیاوازی شوێن و کەلتوور, بۆیە هەست بە ترس و نامۆیی دەکەن و ناتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەل جۆری ژیان و هەلسوکەوتی کۆمەلگە شاریەکە –یان کۆمەلگە مەدەنیەکە– ئەم بۆچوونەش وا دەکات مرۆڤ یان کۆمەلگە ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبێ کە بە پێی پێشکەوتنی بوارەکانی تری ژیان پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی ڕێکخات و نەتوانێ خوێندنەوە و هەلسەنگاندنی بۆ ئەو تێرمە بگۆڕێ و پێشی خات .

هەروەها ئەو کۆمەلگە و نەتەوە ڕەگەز جیاوازانەی کە ڕوویان لە ڕۆژئاوا کردوە و ئەوانەی کە جیهانی خۆر ئاوا بە دوژمنی گەلانی تر دەزانن. لە چەپ و لە ڕاست, کاتێ ناتوانن دان بەو پێشکەوتن و شارستانیەتەدا نەنێن کە ئەمڕۆ ئەو جیهانەی گرتۆتەوە. دلێ خۆیان بەوە خۆش دەکەن کە گوایا ئەو شارستانیەتە با لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆجی و فەرهەنگیەوە پێش کەوتوبێ, بەلام لە ڕووی پەیوەندی کۆمەلایەتی و مورالەوە کز و لاوازە بەلکو لەئاستی نەبوون و سفردایە.
بە بۆچونی ئەوان ئەو ژیارە بەرژەوەندیەکانی تاکی لەسەر بەرژەوەندی کۆمەلەوە داناوە بۆیە هەرکەس بۆخۆی دەژی و هەر خەریکی دابینکردنی لایەنی ماددی ژیانن و هەرچی بەها و نرخی پێکهاتەی خێزان و خزمایەتی و پەیوەندیە

کۆمەلایەتیەکانە  بە  پلەی دووەم و سێهەم سەیر دەکەن و بەرەو ون بون دەچن.   هەموو ئەو کۆمەلگایانە  داوای ئازادی ڕەها دەکەن و ئازادیان بۆ بەد ڕەوشتی حەوانەوە و تێرکردنی غەریزەکانیان دەوێ. یان بۆ ڕاکردن لە بەرپرسیارێتی خێزانی و پەروەردەکردنی مندالە. بۆیە ناویان ناوون کۆمەلگەی تاك و ماتریالی. تەنانەت لە هۆلەندە کەسانێك فێر بوون دەلێن خەلکی ئەو وولاتە کارەکتەریان وەك ئاو و هەواکەیان ساردە. لە بەرامبەر ئەوەشدا کۆمەلگا ڕۆژهەلاتیەکان بە کۆمەلگەیەکی ڕوحی وەسف دەکەن  و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانیش لە ئاستێکی بەرز و لە پلەیەکی گەرم و گوڕدا لە قەلەم دەدن.

ئەوانەی ئەم بڕیاڕ و حوکمانە دەردەکەن وە نەبێ لە کۆمەلگەیەکی زۆر شارستانی و دروست و ساغەوە هات بن و بە بەراوورد کردن و لێکۆلینەوەی زانستیانە بەو ئەنجامانە گەیشت بن. بەلکو, ئەوان لەم بۆچوونانەیاندا دزی لە ڕەخنەگر و چاودێرانی ئەو کۆمەلگانە خۆیان دەکەن, ئەو ڕێژە سەددیانەی کە بە ئەرك و زەحمەت کێشانی خۆیان لە لێکۆلنەوەکانیاندا سەبارەت بە کۆمەلێ کێشەی دیار و بەرچاو کۆکراوەتەوە, ئەم جۆرە لایەن و کەسانە کەبەم جۆرە ڕەخنە دەگرن, دێن و جارێکی تر بەکاری دێنن و دەیدەنەوە بە ڕوویاندا.

ئەکادیمی و چاودێرانی ئەم کۆمەلگایانە وێنایەکی بەرز تر و نموونەیی تر لەو واقعەی خۆیان کە تێیدان, لە خەیال و ئومێدیانایە, بۆیە دێن بەو پێیە ڕەخنە لە کۆمەلگاکانی خۆیان, دەگرن. بەلام ئایا من و تۆ کە لە نیشتمان و کۆمەلگە و دەسەلاتدارانی خۆمان  ڕامان کردوە و جێمان پێ لێژ بووە و تا ئەمڕۆش هەموو چواردەورمان پڕ کێشە و کارەساتە چ نموونەیەکی واقعی لە بەردەستمانە تا ببێین و خۆمان بە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەوانەوە خەریك و  سەرقال بکەین. لە کاتێکدا وا پێویست بوو  ئەو ئەزمونانەی ئەوان لە بواری لێکۆلینەوەدا, ئێمەش و ئەوانەش کە ئاوا ڕەخنە ئەگرن هۆشیار بکردایەتەوە لەوەی  ئایا سەبارەت بەو کێشانە لای ئێمە و لە کۆمەلگا ڕۆژهەلاتی و ئیسلامیەکاندا دەبێ چۆن بێ وکێ مان هەیە چاودێرمان بێ یان خۆمان چاودێری کێیین!! تا بزانین لە سەدا چەنمان بە نەخۆشی دەروونیی جۆراو جۆرەکانەوە گیرۆدەیە, یان چەنمان بە دلسۆزی کاری ڕۆژانەمان بەسەر دەبەین یان چەنمان دلی بە  ژینگە و سروشت و بەرژەوەندیە گشتیەکان دەسووتێ, یان لە سەدا چەنمان بە یەك ڕوویی هەلس وکەوت لە کارەکانادا دەکەین, یان چەنمان خۆ گرین بە  پەلە حوکمی ناڕەوا بەسەر بەرامبەرەکەماندا نادەین, یان چەنمان دەستی لە گەندەلیدا بە هەموو جۆرەکانیەوە نیە. نەك ئێمە بێن و خۆمان لە بیرچێتەوە و ئەوان بدەینە بەر نەشتەری ڕەخنە و گلەیی و گازندە و کە ئەوان خۆیان لەو مەیدانی ڕەخنە گرتن لە خودی خۆیان  زۆر لە ئێمە چوست و چالاك ترن. من لێرەدا هێندە مەبەستم ئەوەیە کە بە خۆمانەوە خەریك بین هێندە مەبەستم نیە کە لایەنێکی جوانی یان ناشرینی ئەویدی دەرخەم.

دیارە ڕەخنە گرتن لە هەر لایە بێ هەر کارێکی باشە بەلام ڕەخنە ئەبێ لەسەر بنەمایەکی زانستی بێ و لە واقعێکی چاکترەوە لەو واقعەی کە ڕەخنەکەی لێدەگیرێ, هەلقولابێ, ئەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین ڕەخنەی نا زانستی بۆ خودی ڕەخنەگرەکە زیان بەخشە و ڕەخنەی زانستی بۆ ڕەخنە لێگیراوەکە بە سوودە.

با واش دابنێیین ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە پەیوەندی کۆمەلایەتی و مۆرال لەو کۆمەلگایانەدا کزە  یان هەر سفرە بۆچوونێکی تەواو بێ خۆ  هەر لایەنێکی تر لە لایەنەکانی ژیان  سیاسی , ئابووری , فەرهەنگی, و  بزاڤە مرۆییەکان تەکنەلۆژی, بەراوورد بکەی هەر کۆمەلگاکانی وولاتانی خۆر ئاوا هەنگاوی گەورە تریان ناوە و دەینێن....ئیتر چیمان لە ڕەخنە گرتن لەوان بۆ وەدەست دێ . بۆ خۆمان بە ڕاستکردنەوەی خۆمانەوە خەریك نەکەین.

ئەوەی پێشوو کە ووتم  تەنها وەك ئەگەرێك.بەلام ئەگەر بێتوو زانستیانە لێکی بدەینەوە  ئەوا ئەو بۆچوونە زۆر سادە و بزڕکاوە  چونکە لە هیچ حال و مەقالێکدا بوارەکانی ژیان لێکجیاناکرێنەوە و لێك ناترازێن.  بەلکو پەیوەندیەکی توند

و تۆڵ و دینامیکی لە نێوانیاندایە هەیە و بەردەوام وەك ئەلقەیەکی تێکئالاو کار لەیەکتر دەکەن. ڕوونتر بڵێین کۆمەڵگەیەك پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و مۆرالی سفر بێ, چۆن دەگونجێ و دەکرێ لە بوارەکانی تردا پێشکەوێت و ژیار بنیاد بنێ و ببێتە پشت و پەنای خەلکانی تر. لە کاتێکدا کە پەیوەندی کۆمەلایەتی و مۆرال بە درێژایی مێژوو بناغەی هەموو ژیارێك بووە. لەگەل ئەوەشدا کورت بڕی و ناتەواوی و نا کاملی ڕوویەکی تری هەموو ژیار و شارستانیەتێکش بووە, بێ ئەوەی ئەو ڕووە ناشرینە ڕێ گر بوو بێ لە هەلگرتن و گەیاندنی ئەو پەیامەی کە ویستویەتی بیگەیەنێ .

هەر وەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد, هەموو ئەو دیاردە و هەلسوکەوتانەی ڕۆژانە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دێنە بەرچاومان, ناتوانین هەمووی بەیەك چاو بخوێنینەوە . چونکە هەموو ئەو دیاردە و هەلسوکەوتانە پەیوەندی هەیە بە جیاوازی کەلتوورە . دیارە مەبەستم لێرەدا لە دیاردە و هەلسوکەت – مورال– نیە, لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دزی هەر دزیە و درۆ هەر درۆیە و خیانەتیش هەر خیانەتە و بە یەك چاو سەیردەکرێ و بەیەك دەنگ سەرزەنشت دەکرێن. بەلام مەبەسەتم لە دیاردە و هەلسوکەوت, شێوەی نانخواردن و لەبەرکردنی جل و بەرگ و چۆنیەتی دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ڕق و تورەیی و حەز و ئارەزووەکانە هەروەها شێوەی شاییکردن و تازێ گرتن و میوانداری و گوزارشتکردن لە بەزەیی و خەمخواردن و خۆشەویستی و شێوازی پەروەردە و یاساکانی نێوەند خێزان و دەوروبەریان, ئەمانە دەشێ لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بگۆڕێ .

هەرگیز نابێ ئەوەمان لە بیر چێ کە ناتوانی بە پێوانەکانی کەلتورێك سەبارەت بەو دیاردانە کەلتوورێکی تر بپێوی. بۆ نموونە لای ئێمە وەك کورد و وەك خەلکی ڕۆژهەلاتی ئەگەر زۆر لە میوانەکەت نەکەیت کە نانت لا بخوات شورەیی و نەنگە لای ئەوروپاییەکان ئەوە شوورەییە کە زۆری لێ بکەی و سوێندی لێ بخۆی . یان هەر لەکاتی نەگونجاودا بۆت هەیە فەرمووشی لێ نەکەی!! لای ئێمە هەرگیز ناتوانی میوانداریەك ڕەت کەیتەوە بەلام لای ئەوان زۆر ئاساییە بلێیت کاتم نیە, هاتنەکەت چەند ڕۆژێك دوا بخە.

یان بۆ نموونە بوونی دەزگایەکی وەك خانەی پیران دیاردەیەکی ناشرین و نیشانەیەکی بێ بەزەیی خەمنەخواردنی مندال نیە بۆ دایك وباوکی پیر وپەککەوتووی. بە لکو هۆی بوونی ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە پێویستیەکانی ئەوکەسە لەو تەمەن و حالەتەدا بە کەسێکی ئاسایی– با مندالی بێ و دلسۆزیش بێ– دابین ناکرێ هەم لە ڕووی جەستەیی و هەم لە ڕووی دەروونیەوە. بۆیە پێویست بە کەسان و دەزگای تایبەتی و شارەزا هەیە تا چاودێری بن و بۆ ئەمەش چەندەها پرۆژە و لێکۆڵینەوە و خولی فێر بوون لەو بوارەدا هەیە. واتە ئەو کۆمەڵگەیە لەم بوارەدا دەیەوێ ئەرکی خۆی بەرامبەر توێژی پیر و پەککەوتوان ئەکادیمیانە, جێبە جێ کات. جگە لەوەش ئەو پیرەی لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا قۆناغی گەنجی بەسەر بردوە لە بیرکردنەوە و سەیرکردنی بۆ ژیان زۆر جیاوازە لەو پیرەی لە کۆمەڵگەیکی وەك لای ئێمە. یەکەمیان هەر لە گەنجیەوە تا ڕادەیەکی باش فێری سەربەخۆیی بوە بەلام دوەمیان هەمیشە پشتی بە دەوری بەستوە. بۆیە ناتوانی بە پێی حالەتی کەسیان ئەویتر بپێوی و بەراوردی بکەی.

لە هەلسەنگاندنی دیاردەکاندا پێویستە بە شێوەکی گشتی دوو جۆر لە کۆمەڵگە یان لە کەلتوور ڕەچاو بکەین:

1– کەلتوورێکی چالاك ( ئەکتیڤ): ئەو کەلتوورەیە کە نرخی مرۆڤەکانی بە بێ هیچ مەرجێك ( دین , مەزهەب , نەتەوە ڕەنگ ) تێدا پارێزراو بێ. ئەمە دەبێتە بیرو ڕای هەموو یەکەیەکی ناو کۆمەڵگە هەر لە خێزانەوە تا بازاڕ و قوتابخانە و دەزگاکان و تا دەگاتە چلە پۆپەی حکومەت . ئەو کەلتوورە دەبێتە سەرچاوەی زانست و مەعریفە بۆ کۆمەڵگاکانی تری سەردەمی خۆی و لە ڕووی ئابووریشەوە دەبێتە بەرهەمهێنەر ((( ئاستی بەکارهێنانی لە ئاستی بەرهەم

هێنانیدا دەبێ)). کاتێ کەلتورێك ئەمە سیفاتە سەرەکیەکانی بێت ناکرێ پەیوەندی کۆمەلایەتی خراپ بێ. بەلام ئەوەندە هەیە ئەو پەیوەندیانە لە ئاستێکی هۆشیاری بەرزتردان و بوونەتە دامەزراوە و دەزگاریژ بوون.. بۆ کەسێکی ئاسایی ئاسان نیە پەییان پێ ببات و بزانێ لەسەر ئەو شێوە رێکخراوە پەیوەندیەکانی خۆی لەناو ئەو کۆ مەلگەیەدا بنیاد بنێ . هەر پێویستیەك لە پێویستیەکانی تاکەکانی کۆمەلگە لەسەر بناغەی شارەزایی و تایبەتمەندێتی جێ بە جێ دەکرێ. مانا و شێوازی میوانداری و سەردان و شایی و تازێیاری و لێپرسینەوە و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی تریش هێندە شێوەی تر وەردەگرن لەجولە و گۆڕاندا دەبن, هێندە بەرەو نەمان وون بوون ناچن

2- کەلتوورێکی وەستاو ( پاسیڤ): ئەو کەلتوورەیە کە نرخی مرۆڤ بە مەرج و پێوانە دەپێورێ . ئەو پێوانانەش بریتین لە جیاوازی نەتەوە و دین و مەزهەب و تەنانەت پارت و ئاستی کۆمەلایەتی. ئەو کەلتوورە دەبێتە وەرگر و لاسایی کەرەوە و لە ڕووی ئابووریشەوە دەبێتە خەرج کەر ( ئاستی بەکارهێنانی زیاتر دەبێ لەبەرهەم هێنان))لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. کۆمەلگەیەکی ئەوا بەم شێوەیە کاتی بێکاری و بێ چالاکی زۆر دەبێت. بە کورتی کەلتورێکی نادروست و نەخۆش. مانا و شێوازی میوانداری و سەردان و شایی و تازێیاری و لێپرسینەوە و بەزەیی و خەمخواردن و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی تریش, هەمووی هەر لە سەر یەك شێوە و شێواز دەمێننەوە و لای مرۆڤگەلی ئەو کۆمەلگەیە دەبێتە تقوسێکی پیرۆز کە دەستێوەردانی بڤەیە .

بەلام ئەمە مانای وانیە کە ئەو دوو کەلتوورە یەکەمیان بە تەواوی ساغە و دووەمیان بە تەواوی نەخۆش, بۆ نموونە ڕەگەز پەرستی و توندڕەوی دوو نەخۆشی یان دوو قەیرانی کۆمەلایەتی و مرۆیین. هیچ کۆمەلگایەك لێ قوتار نابێ هەروەك ئەو ڤایرۆسانەن کە لەهەوادا بلاو بوونەتەوە. بەلام جیاوازیەکە لەوەدایە, کۆمەلگایەك بە دەرزی دژە نەخۆشی ئەو پەتایانە کوترا بێ بەرگری بۆ دروست ئەبێ ئەگەر نەخۆشیش کەوت یان ئەو قەیرانەی توش هات, هیوای چاك بونەوەی زیاترە. بەلام ئەگەر ئەو کۆمەلگەیە هیچ بەرگریەکی دژی ئەو ڤایرۆسە تێدا نەبوو ,, هەر کاتێ باری بۆ ڕەخسا بە چاکی بلاو دەبێتەوە و تەشەنە دەکات و چاك بوونەوەی هەم کاتی زۆر و هەم کاری زۆری دەوێ . ئەو ڕەگەز پەرستی و توندڕەویەی لە ئەوروپادا هەیە لە جۆری یەکەمە بەلام ئەوەی لە ڕۆژهەلات بە تایبەتی وولاتانی ئیسلامیدا هەیە لە جۆری دووەمە.

یان ئەو کەلتوورە هەر لە ئەزەلەوە چالاك (ئەکتیڤ) نەبوە ئەویتریش هەر لە ئەزەلەوە وەستا ( پاسیڤ) نەبوە و هەر یەکە کار و تێکۆشانی پێویستە یەکەمیان بۆ ئەوەی بە ئەکتیڤی بمێنێتەوە دوەمیشیان بۆ ئەوەی لە پاسیڤە وە بێتە ئەکتیڤ, چونکە ئەکتیڤی و پاسیڤی, دەساتو دەست دەکات و هەردووکشیان لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی خۆی هەیە , ڕووی جوان و ناشرینی خۆی هەیە. هەروەك کەبت و دەست بەسەری چەندەها گرفتی بۆ ئێمە دروست کردوە ئەوانیش ئازادی هەنێ گرفت ولایەنی نەگەتیڤی بۆ دروست کردوین. بەلام خالی جیاکەرەوەیان ئەوەیە:

1- کەلتووری چالاك بۆ هەموو ڕەخنە و پیدا چوونەوەیەك کراوەیە, هۆشیارە بە کەموکورتیەکانی . بە شێوەیەك ڕێك خراوە دەزانی چۆن و لە کوێوە دەست پێ بکەی, لە کاتی ڕوودانی هەر قەیرانێکدا زانستیانە و بابەتیانە شیکردنەوە و لێکۆلینەوە ئەنجام دەدرێ .

کەلتووری وەستاو, داخراوە, ڕێگەی ڕەخنە و پێداچوونەوەت نیە, هەموو قەیرانێك ڕووی تێدەکات تاوانەکانی دەخاتە پال غەیری خۆی. گرفتەکانی وا بەیەکدا ئالاوون نازانی لە کوێوە دەست پێ بکەی .لە لێکۆلینەوە و شیکردنەوەکانیدا بۆ ڕووداوەکان سۆز و هەستی زیاتر لە ئەقلی پالی دەنێ و دەییزوێنێ.

2- لە کەش و ئاوو هەوایەکی ئازادا, تاکەکان ڕەفتار لەبەر یەکتر نانوێنن. بەڵکو تاك خۆی خۆیەتی و قابلیەت و توانای ڕاستەقینەیان بە دەردەکەوێ و خۆیان خۆیانن . بۆیە گرێکوێرە دەروونی کێشەو هەڵەکانیان دیارن و دەکەونە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە . بەوەش چارەسەریەکەی ئاسان تر دەبێ. دیارە مرۆڤ چەند ئازاد ئەبێ ئەوەندە هۆشیاری و رادەیەکی مەعریفی بەرز تری پێویستە. بەبێ ئەم مەرجە ئازادی تاکە کەسی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا ناتوانێ ڕێك بکەوێ, لە بری ئەوەی سوودی لێوەرگرێ بە خراپ بەکاری دێنێ و زیان بە خۆی و دەوروبەری دەگەینێ.

بەلام لە کەش و هەوایەکی سەرکوت کەردا تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی وەك یەك ڕەفتار دەنوێنن و توانا و قابلیەتی ڕاستەقینەی خۆیان وون دەبێ و زۆر جار خۆیان خۆیان نین . بۆیە بە ئاسانی ناتوانن خواست و تواناکانیان بزانن و لە کاتی توشی کێشەیەکی دەروونیش دەبن, بە ئاسانی چارەسەر ناکرێن.

واتە هەدوو سیستەمەکە, سیستەمی نا ئازادی و سیستەمی ئازادیش بۆ کۆمەڵگە کێشە و گرفتی خۆیان هەیە . بەلام هەریەکەیان بە جۆرێ. لەیەکەمیاندا تاك سەرکوت دەبێ و ناتوانێ بیر بکاتەوە و هەمیشە بە هەق و ناهەق گوێڕایەڵ دەبێ و شەرمنیش دەبێ لەوەی دان بە هەڵەکانیدا بنێ . بەم پێیە پرۆسەی پەروەردەکردن و خوێندنیش سادەو ئاسان دەبێ. لە دووەمیاندا تاك سەربەست دەبێ بەلام دەبێت بە شێوەیەك ئامادە بکرێ کە لە ئاستی ئەو ئازادیەدا بێ و بتوانێ بە شێوەیەکی جوان بەکار بێنێ. دەنا کێشەی زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئەو سیستەمە ئازادە مەترسیەکە, بۆیە ئەو سیستەمە خوازیاری پرۆسەیەکی پەروەردە و خوێندنێکی ئاڵۆز و گران دەبێ .

بۆ نموونە لە سیستەمی نائازادا کوڕ و کچ لەبەر ئەوەی ئازاد نین لە یەکتر هەڵبژاردندا, فێر نابن چۆن و لەسەر چ بنەمایەك هەڵبژاردنەکەیان ئەنجام بدەن. هەمووومان دەبینین چ گرفت وکێشەیەك بۆ دایك و باوك و کۆمەڵگە دروست دەکەن. بەلام لەسیستەمی ئازادا فێر دەکرێن چۆن ئەو هەڵبژاردنەیان ئەنجام بدەن چۆن ئەو بەرپرسیاریەتیە کە لەسەرشانیانە بیپارێزن. کێشەکانیش ڕوبەڕوی خۆیان دەبێتەوە. بەلام وادەبێ خراپ بەکارهێنان و زیادە ڕەوی ڕوو بدات ئەمە گرفتێکە دەبینرێ و بینراوە ( مایەی نیگەرانی کەسایەتی ئەکادیمی و چاودێرانی بواری پەروەردە و کۆمەڵگەیە, نەك مایەی دلخۆشی و ئافەرین لێکردن بێ). بەلام ئەوەش هێندە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە شێوەی پەروەردە وبارودۆخی خێزان و قۆناغی منالیەوە هەیە. ئەوندە پەیوەندی بە سیستەمە ئازادەکەوە نیە, چونکە هەموو تاکێك ئەو ئازادیەی هەیە ولەهەمان کاتیشدا هەمووشیان لەم بارەیەوە وەك یەك ڕەفتار نانوێنن .

دیارە کێشەی گەنج زۆرە بەلام ئەو کێشانە هەمووی باسی لێوەدەکرێ و بۆ چارەسەرکردنی یان سونوردارکردنی کاری بۆ باشی بۆ دەکرێ. بۆ ئەمە پرۆژەیەك یان تێرمێکی زانستی پەروەردەیان هەیە پێدەلێن ( سەرلەنوێ پەروەردەکردنەوە) heropvoeding لە بەندیخانەکاندا یان لە کەمپی تایبەتی بۆ ئەو گەنجانە ئەم شێوە پەروەردەیە پەیرەو دەکرێ. جگە لەوەش ئەو گەنجانەی بە ڕێگەیەکی چەوتا دەڕۆن لەوە دلنیان کە کاتێ هاتنەوە سەر ڕێگەی ڕاست , کۆمەڵگە باوەشیان بۆ دەکاتەوە و ئەو ناو خەسلەتە زراوەی پێشویان لێ دەکاتەوە. بۆیە ئەو ترسەیان نیە وەك –گەنج لە کەلتورێکی پاسیڤ هەیەتی –کە هەتا ماون هەر بە شەرانگێز سەیرکرێن, ئەمە نیوەی چارە سەریەکەیە و خۆی لە خۆیدا ئەم جۆرە ڕۆشنبیریە, پەیوەندی کۆمەلایەتی بە هێز دەکات.

هەر یەکێك لە ئێمە ( خەلکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ) کاتێ پێدەخاتە ئەوروپا و جیهانی خۆر ئاوا, بەلێ لە کۆمەلێ گرفتی وولاتی خۆی ڕزگاری دەبێ بەلام لێرە توشی کۆمەلێ گرفتی تر دەبێ, ئەوەی ئەو کێشەیەش زیاتر قول دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە هۆشیار نین لەوەی کە دێتە ڕێمان. وا تێدەگەین بە گەیشتنمان بەو جیهانە ئیتر هەموو گرفت و کێشەکانمان چارەسەر دەبن , خۆگونجاندن و پەیوەندی کۆمەلایەتی کەم تا زۆر گرفتی زۆربەمانە.

یەکێ لە هۆکارەکانیش ئەوەیە ئێمە کە لە کۆمەلگەیەکی دانەمزراو ڕێك نەخراوەوە دێینە کۆمەلگەیەك هەموو شتێ ڕێکخراوەوە و لە ڕێگەی دامەزراوە و دەزگاکانەوە ئەنجام دەدرێ. ئەم جیاوازیە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەم کەسدا و ڕێی لێ وون دەبێ, بە تایبەتی لە بواری پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا .کێشەکەش لەوەدایە کە ئەو کەسە یان ئەو کۆمەلە لە پێکهاتەی دەروونی و ئەقلیدا ئەو توانایەی نیە , بەسەر ئەم ڕێگرەدا زال ببێ . چونکە ئەو ئەقلیەتە بەوە گۆشکراوە کە ئەم ولاتانە هیچ پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی لە خۆ نەگرتوە و هەروەکو ئاو هەواکەیان ساردن. ئەگەر لێشی بپرسی بۆ لە ولاتی خۆت کۆچتکردوە و ڕوت لێرەکردوە, هەموو هۆکارەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ باری سیاسی و ئابوری. لە ڕاستیشدا لە بیری چوەتەوە یان هەر ئەو ڕۆشنبیریەی نیە و نازانێ کە هەموو لایەنەکانی ژیان پێکەوە بەسراوون و کار لەیەکتر دەکەن ئەستەمە لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

هۆیەکی تر لە گۆشە گیری ئێمە لەم ولاتە ئەوەیە کە ئێمە وەك کەسانێکی ئاسایی و کە لەئاستێکی ڕۆشنبیری مامناوەندی و نزمدان, کە زۆرینە پێکدێنن, ئاگایان لە دامەزراوە و دەزگا کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و خێرخوازیەکان نیە. ئەوەی سەرنجی زۆربەی خەلکی ئێمە ڕادەکێشێ کۆمەلێ شتی ڕوکەش و ڕوالەتی و ماددی و هۆکاری ڕابواردن و کات بەسەر بردنە .

لە ڕاستیدا ئەوەی مەبەستمە بیلێم ئەوەیە ئێمەی لە وولاتە ئەوروپیەکاندا وەك ئەو بازرگانەمان لێهاتوە کە چیرۆکێکی بەم شێوەیە لەسەر ووتراوە (( تازە بازرگانێك لەگەل کۆمەلێك بازرگانی تردا بۆ کاری خۆیان گەشتێکیان بە پاپۆڕ دەکرد بۆ وولاتێکی تر. بۆ ئەو گەشتەپێویست بوو پسولەیەك بکرن. کابرای تازە بازرگان دوای کڕینی پسولەکە هچ پارەیەکی وای پێنەما .. بۆیە لەگەل خۆی هەندێ نانی ووشك و پسکیت و هەندێ خواردنەوەی هەرزانی بۆ ڕێگە کڕی بوو کاتێ کەوتنە ڕێ هەموو ژەمێك بازرگانەکانی تر دەچوونە چێشتخانەی پاپۆڕەکە وە لەوێ خواردن و خواردنەوەی باشیان دەخوارد. بەلام ئەم دادەنیشت پسکیت و نانەکەی خۆی دەخوارد. چەن ڕۆژێکی هەروا بەسەر برد .

تا ڕۆژێك لە کۆتایی گەشتەکەدا یەکێك لە بازرگانەکان سەرنجی ئەم پیاوەی دابوو بەو شێوەیە سەری سوڕما لێی, بۆیە لێی چووە پێشەوەو پرسی : برادەر من دەبینم تۆ هەر ئەم خواردنە ووشکانە دەخۆیت , بۆ نایەتە چێشتخانەکەوە ئەو هەموو خواردنە خۆشەی لێیە , بۆ خۆتی لێ مەحروم ئەکەی .

تازە بازرگانەکە بە شەرمێکەوە ووتی لە ڕاستیدا من تازە دەست بەکار دەکەم هەر ئەوەندە پارەم پێ بوو کە پسولەکەم پێکڕی ئیتر لەوە زیاتر ناتوانم پارەی ئەو خواردنە گرانانەش بدەم.

بازرگانەکە زۆر دلگران بوو بۆ حالی ئەم تازە بازرگانە و ووتی کاکە گیان خۆتۆ بەو پسولەیە پارەی خواردن و خواردنەوەشت داوە . ئەویش ووتی چۆۆۆۆن ؟؟ ئەویش ووتی ئەی تۆ سەیری دیوەکەی تری پسولەکەت نەکردوە کە نوسراوە نرخی ئەم پسولەیە خواردن و خواردنەوەشی لەگەلدایە.....

دەبینی ئەم تازە بازرگانە لەبەر بێ ئەزموونی خۆی ئەو زیانەی لە خۆی دا و بێ بەش بوو لەو خواردن و خواردنەوەیە .

لێرەدا ئەم بازرگانە دەبێ لۆمەی کێ بکات . لۆمەی تاقمی کارکەرانی پاپۆڕەکە یان هاوڕێکانی یان خۆی.. ئەگەر لۆمەی تاقمەکە بکات, ئەوان وەلامیان هەیە کە دیوی دوەمی پسولەکە هەموو داتایەکی تێدایە , ئەگەر لۆمەی هاوڕێکانی

بکات. ئەمەشیان ڕێی تێ دەچێ بەلام هاوڕێکانی ئەمیان نەدەناسی لە کوێوە بزانن پێویستیەکانی ئەم چیە ؟؟ دیارە ماوەیەکی دەوێ تا ئەوانیش بەرەو ڕووی بچن و خۆیان لە هەلس و کەوتی ئەو هەلقورتێنن .. هەر ئەوانیش بوون لە کۆتاییدا ئاگاداریان کردەوە .......... بۆیە بە پلەی یەکەم هەر دەبێ لۆمەی خۆی بکات , مەبەستم لەوە نیە لۆمەی خۆی بکات بەوشێوەیەی کە ئەو نەزانە و تێ ناگات نەخێر , بەلکو مەبەست لەوەیە کە لەو ڕووداوە خۆی بناسێت و وانە وەرگرێت, نەك لۆمەی خەلکی تر بکات کە هیچ سودێکی ئەوتۆی لێنابینێ. دەبینی بە هۆی ئەو باش نەخوێندنەوەی ئەو پسولەیە ئەو بازرگانە هەم سوودی لەو هەل و مەرجە وەرنەگرت هەم بۆی نەلوا لەگەل هاوڕێکانیدا خۆی بگونجێنێ .

ئەمە بەگشتی حالی ئێمەی کۆچبەران و پەنا بەرانە کەلە وولاتانی ئیسلامیەوە ڕوومان کردۆتە ئەوروپا. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کەلتور و نەریت و چۆنیەتی سەریکردن بۆ ژیان. ئێمە لە وولاتانی خۆمان وا فێر بووین پەیوەندی کۆمەلایەتی بە تەنها بریتی بێت لە کۆبوونەوەی خەلکی زۆر لە کاتی مردنی کەسێکدا لە مال و مزگەوت و گۆڕستانەکاندا و کۆمەلکردن لە نەخۆشێك لە ژووری نەخۆشخانەکاندا, بێ ڕەچاوکردنی حەوانەوەی نەخۆشەکە و ئەوەش کە لەگەلیدایە_. دیاری گرانبەها کڕین لە بۆنەکاندا. یان وا تێدەگەین هاتوچۆی یەکتر بەوەخت و ناوەخت و میوانداری و شەو چەرە و دەعوەتی سفرەی ڕازاوە و تەقەی دۆمینەی چاخانەکان نیشانەی بە هێزی پەیوەندی کۆمەلایەتین. هەرچەن ئەمانە هەندێکیان هەندێ جار دیاردەیەکی پۆزەتیڤ و دلخۆشکەریش بن. بەلام زیادەڕەوی و ناڕێك و پێکی ئەو مەراسیم و تقوسانە, کێشەیان دروست کردووە و ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە تاك خاوەنی کات و بڕیاری خۆی نەبێ.

کاتێ ئەم دیاردانە لە بەرچاو نیە بۆ کەسێکی وەك ئێمە کە بە سادەیی لە شتەکان دەڕوانێ, پێی وایە ئەم کۆمەلگەیە پەیوەندی خزمایەتی و کۆمەلایەتی و خێزانی تێدا نەماوە و هەموو شیرازەیەك پچڕاوە .

پەیوەندی ئەو خزمانەی کە لەسەر بناغەی ڕاستڕۆیی و سەراحەت و بێ پێچوپەنایی پێك دێ, با بەرتەسك و کەمیش بێ, زۆر باشترە لەو پەیوەندیە خزمایەتیە کە لەسەر بناغەی موجامەلە و ڕووپامانی و و ترسی نەریت و کەلتور پێك دێ با بەربلاو و زۆریش بێ. ئەو خێزانەی کە تەنها و تەنها خۆشەویستی و بەختەوەری کۆیان دەکاتەوە زۆر لەو خێزانە باشترە کە بە زۆری عەیبە و کەبتی کەلتور کۆی کردونەتەوە.

دیاردەی کات بەسەربردنان بە بێ بونی هیچ ئامانجێك لەگەل یەکتردا دیاردەیەکی زیانبەخش دەبێ لە وەختی تاك زۆر دەکوژێ و مێشکی لە بیرکردنەوە دەخات کە بۆچی هاتۆتە ئەم دنیایەوە. تا چەنێك ئەم بەم گەردوونەوە پەیوەندی هەیە و تا چەند بەرپرسیارە لە بەرو پێشبردنی دەروبەری و پارێزگارکردنی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.

کۆبونەوەی خەلکی یان تاکەکانی کۆمەلگە لە مالەوە لە ڕێی خزمایەتیەوە شێوازێکی پەیوەندیە و کۆبونەی ئەو تاکانە هەریەك لەگەل هاوتەمەن و گروپی خۆیدا بە هۆی دامەزراوەیەك یان دەزگایەکی کۆمەلایەتیەوە شێوازێکی ترە لە پەیوەندی بەلام جیاوازیەکی گەوە لە نێوانیاندایە. لە یەکەمیاندا ئەگەر نەبێتە هۆی دروست بونی کێشەی کۆمەلایەتی زۆر و بێ مانا, هەر کات بەسەر بردنە, کە دەکرا بەو کاتە چەندین سود بە خۆیان و کۆمەلگە بگەیەنن. بەلام لە دوەمیاندا ئەو تاکانە ئامانجێك کۆیکردونەتەوە, سودێك بە خۆیان و بە دەوروبەر دەگەینن , ئەگەر هەر کێشەیەکی لێدروست ببێ کێشەی مانادار دەبن و چارەسەریشیان هەر مانادار و سود بەخش دەبێ.

کۆمەلگاکانی ئەوروپا کۆمەلگەی مەدەنین واتە هەموو توێژ و چینێك, دامودەزگا و دامەزراوەی خۆی هەیە بۆ منال و ژن و بێوەژن و پیر و پەککەوتە و بیرکۆل, جگە لەو هەموو دام و دەزگا و ڕێخراوە خێرخوازیانەی کە هەر ئەوان کەم تا زۆر لە سەرانسەری جیهاندا, لە پێشینەی یارمەتیە مرۆییەکانن .سەرەرای ئەو هەموو پرۆژە پەروەردەیانە کە لە سەر

بناغەی زانستی مرۆناسی و دەروننـاسی و کۆمەلناسی دامەزراون و یان ئەو هەموو تویژینەوە و لیکۆلینەوە زانستیانەی کە سالانە و بە مەبەستی ڕاست کردنەوە و ڕخنە گرتن لە بارو دۆخی کۆمەلایەتی و هەموو بوار و کایەکانی کۆمەل ئەنجام دەدریَ. دام و دەزگا و ڕیخراوە یەکیکە لە جیاکەرەوەکانی ئەم کۆمەلگایانە. بە بیَ بوون و زیندووی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان چۆن دادەمەزریَ و بەڕیوە دەچیَ ؟؟!!

پشووی هەفتانە کە دوو ڕۆژە, جار نیە لە چەند سووچیکی ئەم وولاتەدا چالاکیەك یان ئاهەنگیك یان بۆنەیەك لە زۆربەی دەزگا و ریکخراوە ئایینی و نا ئایینیەکان و تەنانەت گەرەکەکانیشدا بەریوە نەچیَ و لەلایەن کۆمەلیك خەلك بە شیوەیەکی خۆبەخشانە – بە تایبەتی ئەو دەزگایانە کە پەیوەندی بە کەم ئەندام و پەککەوتەو نەخۆشەکانەوە هەیە– ریك نەخرابی و پیکەوە کاتیکی خۆش بەسوود لەگەل یەکدا بەسەر نەبەن.

هەر گەڕەکیك سەنتەریکی تایبەتی بە خۆی هەیە کە ڕۆژانە هەموو چالاکیەکی ئەو گەڕەکە تیدا جیَ بەجیَ دەکریَ. هەر کەمیك بیر بکەیتەوە هیچ یەکیك لەمانە بە بیَ پەیوەندیەکی کۆمەلاتی بەهیز , بەریوە ناچن.

کۆمەلگەیەك بە شیوەیەك ئەندامەکانی بە هەست و نەستیانەوە ئامادە بن بۆ ئەوەی مندالانی بیکەس و بیَ سەرپەرشتی لە هەر لایەکی ئەم جیهانە بیت, بیهینن و باوەشی گەرمی بۆ بکەنەوە و بیکەنە ئەندامیك لە خیزانەکەیان, ئەمەش بە هۆی ئەو هەلومەرجە گونجاوانەی بۆ ئەم خیزانە دەستەبەر کراوە و توانای ئەوەی هەیە زیاتر لە مندایك یان دوو مندال بەخیو بکات, لەبری ئەوەی دوو مندالی تر بینیتە دنیاوە , دەچن دوو مندال کە هاتوونەتە دنیاوە و هەلومەرجی ژیانیان نیە یان زۆر لاوازە دینن و لەگەل خۆیاندا و هەل و مەرجی ژیانیان بۆ دەڕەخسینن. یان وا دەبیَ ئەو خیزانە خۆیان ناتوانن مندال پیك بهینن, لەبری ئەوەی ئەوەی پارەیەکی زۆر خەرج بکەن لە گەڕان بە دوای چارەسەریدا, مندالیکی بیَ لانە, دەکەنە هەدەف و ئامانجی ژیانی خۆیان و خیزانەکەشی پیَ ئاوەدان دەکەنەوە. واتە لە بری ئەوەی یەکیك لە – نەبوونەوە– بیننە بوون و ژیان, ژیان دەبەخشنەوە بە یەکیکی تر. ئەم خیزانانە کە ئەم کارە دەکەن مەبەستیان ئەوە نیە کە هەتایە ئەو مندالە بۆ ئەوان بیت و لە ناسنامە و خیزانی خۆی دایانبڕن. نەخیر چونکە ئەم مندالانەی کە لە دەرەوەی وولاتەو ە دەهینرین ئەوانەی کە من لە میدیاکانەوە ڕیپۆرتاژم لەسەر دیون, هەموویان کاتیَ گەورە بوون پیان ووترا وە کە دایك و باوکی ڕەسەنی ئیوە کییە یان وولاتی ئیوە کییە , یان ئیوەمان لە کویوە هیناوە , بۆیە ئیتر ئەوانیش دەکەونە گەڕان بە دوای خیزانی ڕەسەنی خۆیان . جگە لەوەچ دەزگای تایبەتی هەیە بۆ چاودیریکردنیان لە ڕووی یاساییەوە. کۆمەلگەیەکی ئاوا چۆن دەبیَ بلیین پەیوەندی خیزانی تیدا ڕوخاوە.

کۆمەلگایەك کە لە هەموو پارچەکانی ئەم سەرزەویەوە بە چەندەها بیانوو و شیوە وە هەر لە(پەنا بەری سیاسی و مرۆڤایەتی و بژیوی تا تەبەنی کردن)دا, ڕووی تیَ بکات ... هەولی ناسین و تیکەلاو بوون لەگەل هەموو ڕەنگ و کەلتوورەکانی تر بدات, لە ڕیگەی پرۆژەی جۆرا و جۆر و ڕیکخستنی کۆڕ و دانیشتن و چاو پیکەوتن لە نیوان ڕەگەز جیاوازەکاندا, ڕۆژانە و هەفتانە لە هەموو سوچیکی ئەو وولاتانە لە ڕیی دەزگا ئایین و نائایینیەکانەوە باس و خواسی کۆمەلگەیە بیَ, ئەو کۆمەلگایە چۆن دەکریَ پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان خۆی لە ڕادەی سفر یان لاوازیدا بیَ.

کۆمەلگەیەك ئەگەر بیکەی بە پینج بەشەوەوە چواریان تا ڕادەیەکی باش لەپەنای یەکیکیاندا حەساوەتەوە ئەو چوار بەشەش ئەمانەن (( مندال , پیر و پەککەوتە, کەم توانا , , پەنابەر )) ئەو بەشەی تر کە ئەمانە لە پەنایدا

حەساونەتەوە بەشی ( گەنج )ە ئەگەر بێتوو هەریەکە لەو چین و توێژانە بە جیا لێی بکۆلینەوە چی بۆ دەکرێ و چی بۆ کراوە لە خزمەتگوزاری و پرۆژە و لێکۆلینەوە و چاودێری کردن ئەوە بە چەند کتێبێك تەواو نابێ .

بۆ مندال سالانە چەندەها پرۆژە و بابەت و کەرەستە و میتۆدەی خوێندن. ئامادە دەکرێ. ئەگەر بە تەنها سەردانێکی کتێبخانەی مندالان بکەی, بۆت دەردەکەوێ چی بۆ مندال دەکرێ, لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەر لە زانست و ئایین و پەروەردە و چیرۆك و زمان و بوارەکانی تری گەشە و پێویستیەکانی مندال.
کۆمەلگایەك ئەگەر هەر چاوێك بە قوتابخانەکانیدا بخشێنی , بۆت دەردەکەوێ چۆن بەشێکی زۆری چالاکیەکانی ناو و دەرەوەی قوتابخانەکان دایك و باوکان ڕایدەپەڕێنن. جگە لە و پەیوەندیە بە هێزەی لە نێوان قوتابخانە و خێزاندا هەیە. بە بەردەوام زۆربەی دایکان و باوکان بە ڕێگەی قوتابخانەوەن و ئاگاداری سیستەم وسیاسەتی پێدە کراوی ئەو دەزگایەن. بەیانیان هەزاران دایك و باوك یان – منالان خۆیان– دەبینی خۆ بەخشانە لە شەقامەکاندا ڕاوەستاوون و لە کاتی پەڕینەوەدا یارمەتی قوتابیان دەدەن.
ئەگەر کەمێك بە ناو سایتە ئەلەکترۆنیەکاندا بگەڕێی, هەزاران دەزگا و دامەزراوەی خێرخوازی کۆمەل و گروپی کۆمەلایەتی, بەدی ئەکەی. بە ژمارە دەگەنە زیاتر لە 4000 کاری خێرخوازی .هەرچی سەبارەت بە کاری خێرخوازیە زۆر پێویست نیە لەبارەیەوە بدوێین چونکە بۆ هەموو ئاشکرا و بەر چاوە ئەوەندە بێ کە بلێیین کە وولاتێکی وەك هۆلەندە لە%8 لە دخلي قومي کە( سالانە 3 ملیارد و نیو یورۆ ) دەداتە کاری خێرخوازی و پرۆژەی گەشە پێدان لە وولاتە هەژارەکاندا
بۆ نموونە لە سالی 2005 7ملیون و نیو دراوەتە بەرنامەی گەشەندنی ولاتانی هەژار . هەر لە هۆلەندا هەفتە نیە تێنەپەڕێ چەندەها ڕاپۆرت لە میدیاکانەوە نەبینی لەسەر یەکێك لە مەسەلە تراژیدییەکانی جیهانی سێهەم . یان ئەو بەرنامانەی خەلکی هان ئەدا بۆ یارمەتی دانی هەژارو لێقەوماوان لەجیهاندا. یان ئەو چالاکیانەی کە دەکرێن و قازانجەکەی دەچێت بۆ کاری خێرخوازی.
لێرەدا مەبەستی من هێندە ڕونکردنەوەی واقعێکە کە زۆرجار لە بیرمان دەچێتەوە هێندە ئەوە نیە بە شان و بالای ئەو کۆمەلگەیە هەلبدەم و بەراوردیان بکەم بە کۆمەلگەی لای خۆمان. چونکە هەروەك خۆیان زۆر جار ڕەخنە لە خۆیان دەگرن, دەلێم دەکرا لەوەش زیاتر بە تەنگ کاری مرۆڤایەتیەوە بهاتنایە. وە بێ ئاگاش نیم لەوەی کە هەمووی وەك خۆی ناگاتە شوێنی پێویست. بەلام هەرچۆن بێ ئەوان لەو بوارەدا لە پێشەنگدان. مەبەستیشم لەو نمونە و ژمارانە –کە سەرچاوەکانیان ئینترتێت بوو– هێندە چۆنیەتی بوو لە باسەکەدا هێندە چەندێتی نەبوو, چونکە پێش کەوتن بە چۆنیەتی دەبێ نەك بە چەندێتی.

سەبارەت بە کۆمەل و گروپی و پرۆژەی کۆمەلایەتی و خولی پەروەردەیی بۆ نموونە لە ناو کۆمەلگەی هۆلەنیدا ژمارەیەکی زۆر لەم جۆرە هەن هەندێ کەم لەوانە بەم ناوانە:
* ئاوا پەروەدە بکە opvoeden zo یەکێکە لەو چەندەها خولی پەروەردەیی کە سالانە لە هۆلەندا دووبارە دەبێتەوە.
* دەیان بەرنامە و پرۆژەی کۆمەلایەتی دژی کێشە کۆمەلاتیەکان
وەك توند و تیژی و گالتە پێکردن pesten , zinloos gewegd لە ناو و دەروەی قوتابخانەکاندا دەبیسی. کێشەی گالتە پێکردنی منالان بەیەکتر لە وەدەچێ لای ئێمە بە کێشەیەکی بچوك سەیری بکەین بەلام لە

کۆمەڵگەیەمەدەنی وەك هۆڵەندا بە کێشەیەکی گەورە سەیر دەکرێ و چەندەها کاری بۆ دەکرێ. ئەو کارەش هەردوو لایەنەکە دەگرێتەوە هەم گاڵتە پێکراوەکە و هەك گاڵتە کەرەکە.

* دراوسێکەت بناسە ken uw buur. مەبەست لەم پرۆژەیە ئەوەیە کە پەیوەندی دراوسێکان بە شێوەیەکی هۆشیارانە و ئەکادیمیانە رێکخات و برەوی پێبدات.

* جیهانی یەکتر بناسەontdek elkaars wereld

* کاتێك بۆ چاوپێکەوتنی بۆ پیرەکان لەگەڵ یەکتر ruimte voor ontmoeting

* بە شێوازێکی تر پیر ببە.Anders ouder worden

مەبەست لەم پرۆژانە گۆڕینەوەی ئەزموونە سەبارەت بە قۆناغی پیر بوون لە نێوان پیرەکان خۆیاندا. هەروەها گۆڕینەوە و ئاگادار بوون لە زانیاری و داتاکان سەبارەت بە توێژی پیران

* چیرۆکەکانی پێشوو هەریەکە لەمانە کاری سەرەکیان هێنانەکایەی هەلی بەیەکگەیشتن و لەیەکگەیشتنە لە نێوان رەگەزە جیاوازەکانی ئەو وولاتەدا لەسەر بنەمایەکی زانستی و رێکخرا و چاودێرکراو.

* ناوەندی دایکان, لە هۆڵەندا زیاتر لە 30 ناوەند هەیە. ئەم ناوەندانە لە شارەکاندا لە لایەن ژنانی گەرەکەوە دەچێ بەرێوە و ئامانجی ئەوەیە کە گەشە بە توانا ورەزوەکانی ژنان بدات لە رێگەی رێکخستنی چالاکی و خولی فێربونی جۆراوجۆر, تا ژنان بتوانن پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانیان بە هێز بکەن و ئەزموون و را و بۆچون لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە. ئەم ناوەندە زیاتر بۆ ئەو ژنانەیە کە هەلی خوێندنی بەرزیان دەسنەکەوتوە یان بێکارن و کاتیان زۆرە یان بە هۆی لاوازی زمانی هۆڵەندیان یان بە هۆی باکگراوەندی پەروەردەیی و کەلتورییان لە کۆمەڵگە پەراوێز بوون , ئەم ناوەندە هەوڵ دەدات لەو پەراوێزیە رزگاریان بکات.

بوونی ئیشی خۆبەخشی لە هەموو دەزگا و رێکخراوەیەکدا لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکدا خۆی لە خۆیدا نیشانەی هەستی بەرپرسیارێتیە. هەر لە فوتابخانە وە تا رێکخراوە خێرخوازیەکان تا پارك و دەزگای پەککەوتە و خانەی پیران و منالان و تەنانەت دەزگا ئایینیەکانیش کەسانی خۆبەش رۆڵێکی گەورە دەبینن لە بەرێوەبردنی ئەو دەزگایانە. لە وولاتێکی وەك بەلجیکا لە پێنج کەس یەکێك و لە هۆڵەندا لە سێ یەك کە نزیکەی 4 تا 5 ملیون کەس ( بە هەموو ئەو رەگەزە جیاوازەکانەوە), لە کاری خۆبەخشیدا هەفتەی حەوت تا هەشت سەعات چالاکن.

کۆمەڵگەیەکی وەك گۆمەڵگەی هۆڵەندی تەنها لە یەك بەش لە دەزگا و دامەزراوەکانی کە پێی دەوترێ دەزگای خزمەت و خۆشگوزەرانی(zorg en welzijn) 76,000کەس بە خۆبەخشانە کار دەکەن . واتە ئەو کەسە لە کاتی بێ ئیشی خۆیاندا چەند سەعاتێك کار بۆ ئەو دەزگایە دەکا بێ بەرامبەر یان(( بە پارەیەکی زۆر رەمزی, بۆ ئەو کەسانەی کە بێکارن و پارەی یارمەتی وەردەگرن))

لە دەزگایەك تر بەناوی ( sos) کە یارمەتی مندالی بێ باوك ودایك دەدات 300 خۆبەخش ئیش دەکەن. لە 132 وولات ئەکتیڤن.

یەکێك لەدەزگا یارمەتیدەرەکانی کە ناوی ((دوکانی جیهانیە)) 400 دوکانی وا لە هۆڵەندا هەیە هەر هەموشی بە کاری خۆبەخشی هەریەکە هەفتەی چەند سەعاتێك. دەیبەن بە رێوە. قازانجی ئەو کەرەستە و بەروبومانەی دەیفرۆشن دەچێتەوە بۆ خاوەنەکەی لە وڵاتانی جیهانی سێهەم .

**توێژینەوەیەك كراوە بۆ دیاریكردنی ئاستی ژیانی كۆمەلایەتی لە هۆلەندا. یەكێك لەو ئەنجامانە ئەوە بووە كە لە نێوان سالی 1980 تـ** 1999 **ئەم دامەزراوە كۆمەلایەتیانە بەم ڕێژانە زیادیان كردوە:**

*** لە مەیدانی یارمەتی دان و بەدەمەوەهاتنی نێونەتەوەیی(( international solidariteit ) )** 510 **% بەرز بووەتەوە**

*** لە مەیدانی ژینگە و سروشتدا ( natuur en milieu** 176% 

*** بابەتی مۆرال وەك (( كۆرپەلە لەباربردن و بڕیاری كۆتایی هێنان بە ژیان))** 662%

**morele onderwerpen** zoals abortus en euthanasie

**باشە كۆمەلگایەك پەیوەندیە كۆمەلایەتیەكانی سفر یان لاواز بێ چۆن ئەوەندە بەرهەمی دەبێ , كۆمەلگەیەك شێرازی خێزانی پچڕاو بێت و خەمخۆری تێدا نەبێ چۆن ئەوەندەی بیر پێ دەكرێتەوە چۆن ئەوەندە چالاك دەبێ!! یان كێشە كێشەی ئێمەیە كە لەسەر شێوە و سیستەمێكی تر لە پەیوەندیە كۆمەلایەتیەكان و مۆرال پێگەیشتووین و ڕاهاتووین و هەر ئەوە دەناسین ؟؟ .**

**بۆ بنیاد نانی كۆمەلگەیەیەكی مەدەنی دیارە ئابووریەكی بەهێز, هۆكارێكی گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە كۆمەلگەیەكی بەرهەمهێنەر و پشت بەخۆبەستوو. بۆیە كاركردن دەبێتە سیمایەكی ئەو كۆمەلگەیە بە ژن و پیاوە وە كەواتە خێزانێك كە پیاو ژن تێیدا ئیش بكەن پەیوەندیەكانیان و سیستەمی ژیانیان جیاواز دەبێ لە خێزانێكی تر . هەر بەو پێیە كۆمەلگەكیش لەو خێزانانە دروست بووبێ, ئەوا بێ گومان پەیوەندیەكانیان و سیستەمی ژیانیش دەگۆرێت. بۆ نموونە هەر تاكێك خشتەی هەفتانەی خۆی هەیە, هەر لە ئیشی فەرمانبەریەوە تا ئیشی خۆبەخشی تا ئیشی ناومال و كات بەسەربردن لەگەل مندال و تەنانەت وەرزش و پشوودانیش تێیدا ڕێكخراوە. كەواتە لێرەدا كات بە نرخ دەبێ و میوانداری و (سەردانی كات بەسەر بردن ) نابێتە ئەولەویاتیان. هەریەكە لەو كەسانە بە هۆی ئەو هەمووسەرقالیەی كە هەیەتی شوێنی كارەكەی بێ یان یانە و مەركەزە كۆمەلایەتیەكاندا بێ, دیارە سەردان و میوانداریش هەر هەیە, پەیوەندی و یارمەتی و لەیەكپرسینەوەش هەیە بەلام بە شێوەیەكی ڕێكخراو دیاریكرا و بێ موجامەلە و بێ موبالەغە. هەمووومان دەزانین ئیشكردن چ رۆلێكی هەیە لە پێشخستنی ئابووری وولاتتدا . جیاوازی كۆمەلگەی بەرهەم هێنەر و بەكارهێنەر لەو خالەدایە. تاك لەو جۆرە كۆمەلگەیەدا زۆربەی كاتی خۆی بە ئیشكردن دەدات ئەوەش دادوەرانە نیە وا لێكبدرێتەوە كە بیركردنەوەیەكی ماتریالانەیە چونكە لەو كارەدا تەنها بەرژەوەندی تاكی و گرفانی خۆی تێدا نیە بەلكو سوود و قازانجی ئیشی هەموو تاكێك, بەرژەوەندی گشتیش دەگرێتەوە.ئەویش بە هۆی – بە هۆی ئەو باجەی كە دەیدات –**

**كۆمەلگەیەك كە چاو بە گەڕەكەكانیدا دەخشێنی تا ڕادەیەكی باش بەرزی خانووەكانی لەیەك ئاستدایە , كۆمەلگەیەكی تر خانویەك چوار قات بەرزەو لە تەنیشتیدا خانوویەك ئەوەندە نزمە هەتاویشی ناگاتێ. پەیوەندی كۆمەلایەتی لە كامیاندا بەرز ترە ؟؟**

**گۆمەلگەیەك گەڕەكی مەسوولەكانی ڕووناكتر بێ و هەرگیز ئاوی لێنەبڕێ و ئەوانی تریش بێ ئاوی و تاریكی خەمی شەو و ڕۆژیان بێ دەبێ پەیوەندی كۆمەلایەتیە بە هێزەكەی لە كوێدا بێ؟ بوونی مندالانی سوالكەری سەرجادەكان بە ڕێژەی بەرز نیشانەی بەهێزی پەیوەندی كۆمەلایەتی دەگەیەنێ یان ڕوخانی ؟**

هیچ ژمارەیەك نیە لە ڕۆژنامەکانی کوردستان -بۆ نمونە- هەوالی سوتانی چەند ئافرەتێکی تێدا نەبێ. لە ژمارەی272 هاولاتی دەلێ لە ماوەی تەنها سێ چوار مانگدا 174 ئافرەت خۆیان سوتاندوە. ئەمە ئەگەر نیشانەی چیە بەهێزی یان ڕوخاوی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانە.
ئەگەر هەر بە تەنها سەیری پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی بکەی و لە نێوان کۆمەلگە ڕۆژهەلاتی بە تایبەتی ئیسلامیەکان و وولاتانی خورئاوا بەراوردێکی بکەی , دەبینی ئاستی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە هەریەکەیاندا چەندە و کامیان لە کامیان بە شێوەیەکی گشتی بەرز ترە . بۆیە ئەوەشم بە نمونە هێنایەوە چونکە خوێندناگا گەورەترین دەزگای پێگەیاندن و گەورەترین شوێنە بۆ ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان .

جگە لەوە, ئەو دەزگا و دامەزراوانە کارێکی وایان کردوە کە تاك بۆ کۆمەلگەیە و کۆمەلگەش بۆ تاکە, نەك یەکێك بێتە قوربانی یەکێ تریان. لە کاتێکدا تاك تووشی کارەساتێك دەبێ ئیتر نەخۆشی بێ یان کۆست کەوتن بێ یان گرفتێکی دەروونی بێ, یان هەر نەخۆشیەکی تر کە بەسەریدا دێت. دەزگای جیاواز و جۆراو جۆر هەندێ حکومی هەنێ تر ئەهلی یان ئاییینیە, کە دەتوانێ ڕووی تێکات و لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی داوا بکات. ئەم جۆرە یارمەتیانە لە ڕێگەی کارمەندی تایبەتیەوە دەکرێ کە بۆ ئەو کارە ئامادە کراوە واتە پسپۆڕانە ئەو کارە دەکات . زۆرجار بە تەنها دلسۆزی خەمخۆری بەس نیە بۆ ئەوەی یارمەتی کەسێك بدەی بەلکو شارەزایی و هۆشیاری و زانستت پێویستە. هەندێ جاریش لە ڕێگەی کەسانی خۆبەخش کە خۆیان هەمان کارەساتیان بەسەرهاتووە, وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون حەز ئەکەن یارمەتی کەسانی تر بدەن. یان دەزگاکان خۆیان هەلدەستن بە دروستکردنی گروپ, لەو کەسانەی کە هەمان کارەساتیان بەسەر هاتووە تا بتوانن گوێ لە ئەزموونی یەکتر بگرن و دلنەوایی یەکتر بکەن. جا هەندێ لەو گروپانە کاتین و هەندێکی تر هەمیشەیین .
مەبەستی من لێرەدا ئەوە نیە کە بە بەژن و بالای ئەم کۆمەلگەیەدا هەلدەم و زەمی کۆمەلگەی خۆمان – ئیسلامی بە گشتی – بکەم. چونکە من بڕوام وایە کە ئەو مەعریفە و سیستەمەی ئەمڕۆ ئەوکۆمەلگە مەدەنیانە لەسەری دەژین لە ئەزەلەوە بۆیان نەماوەتەوە و ئەگەر – خەمی لێنەخۆن – هەرواش نامێنێتەوە. ئەو نالەباری و ناهەمواریەش کە ئێمەی تێدا دەژین, خەسلەت و کارکتەرێکی چەسپاو نین لە ئێمەدا بەلکو دەشێ چارەسەر بکرێن و بگۆڕێن بەلام بێگومان کاری دەوێ و بیرکردنەوەی دەوێ ). مەبەستی من ئەوەیە بلێم : کۆمەلگەیەك لە چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەو کارەساتەکانی جیهاندا ئەوان لە پێشەنگدا بن...جگە لەوەش, سەرەڕای ئەوەی هێمنی و ئەمانی بۆ ژیانی ئەندامەکانی مسۆگەر کردووە, لە هەموو سوچێکی دنیاوە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بیگەنێ ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە و دواییش بە هیچ شێوەیەك ڕازی نین بگەڕێنەوە. ئیتر ئێمە چی ترمان لەوان ئەوێ ؟؟. بۆ تەنها جارێکیش بێ با بیر لەوە بکەینەوە چۆن کارێ بکەین ئەو ڕۆلەی ئەوان دەیبینن ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێمەش بیبینین. من کە ئەم بۆچوونەم هەیە وەنەبێ ئاگام لەوە نەبێ کە ئامانجێکی وا, کار و تێکۆشانی دەیان سالی دەوێ, بەلام خۆ دەبێ لە چرکەیەکدا هۆشیار بینەوە ولە خالێکەوە وەرچەرخانێك ڕوو بدات.
ئەوە تەنها بەوە دەبێ جارێ خۆمان بگۆڕین, ڕەخنە لە خۆمان بگرین, خۆمان لەگەل یەکتر ئاشتکەینەوە . خۆمان ڕاستکەینەوە. چونکە هەموومان دەزانین لای ئێمە کە هەر چەمکێك بگری پێویستی بە دەستکاری و ڕاستکردنەوە هەیە ..
ئێمەیەك هەر وەکو ئەوان مرۆڤین و بە چاکە و خراپە شێلراوین و هەر وەك ئەوان لە ئەقل و سۆز پێك هاتووین .
هەروەك ئەوان ئێمەش بەرپرسیارین لەم ژیانە و لەم سەرزەویە.

**لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بلێم کە ئێمە وەك کورد کۆمەلگەیەکین لەوەدەچێ بەرە و قۆناغی مەدەنیەت بچین بەمەرجێ کار و لێبرانی بۆ بکرێ , ئەگینا هەروا بە ئاسانی و لە خۆیەوە ئەو قۆناغە نابرێ . جگە لەوەش لە چونە ناو ئەو قۆناغە هێندە پێویست بە ترس ناکات هێندەی پێویست بە چاوکراویی و کەلك وەرگرتن لە ئەزموونی کۆمەلگە و کەسانی تر بە سود وەگرتن لە لایەنە جوانەکانیان تا بتوانی لایەنی ناشرینی ئەو ئەزمونانە- کە لێرەدا بواری باسکردنی نەبوو- بناسینەوە و تێیانپەرێنین.**

**ئەوەی من لە ماوەی هەشت سالدا لە کۆمەلگەی هۆلەنیدا بەرچاووم کەوتووە منی گەیاندە ئەم ئەنجامە ئەویش ئەوەیە, پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لە ناو نەچوون, بەلکو کۆمەلگە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی لە ڕێگە یان لە ناو دەزگا و دامەزراوەکانەوە (لە وانە ئاینی و نائاینیەکان)وە ئەنجام دەدا.**

**بوونی دەزگا و ڕێکخراوەی ئاینی جیاواز و ئازادی لە پەیڕەکردنی مەراسیمەکانیان وهەروەها دەزگا نائاینەیە جۆراو جۆرەکان و سیستەمێکی ئابوری وا کە بتوانێ جیاوازی تا ڕادەیەکی باش لە پێداویستیە بنەڕەتی و سەرەکیەکاندا لە نێوان هەژار و دەولەمەندا, نەهێلێ, واش بکات لە جێگەی خۆشیدا ببینرێتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەگەر نیشانەی بە هێزی پەیوەندی کۆمەلایەتی نەبێ خۆ نیشانەی ڕوخاوشی نیە؟.**

*** تێبینی لە کۆتاییدا ئەمەوێ شتێك بۆ خوێنەری بەڕێز ڕوونکەمەوە و ئەویش ئەوەیە کە من لە زانستی کۆمەلایەتیدا شارەزا نیم. ئەوەی کە لەم ووتارەدا گەلالەم کردوە تەنها گوزارشت لە ئەزموون و خوێندنەوەی خۆم دەکات.**